# گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان لە ڕوانگەی قانوونەوە

**زۆرینەی دیکۆمێنت و مەوسوعە مێژووییەکان ئاماژە بەوەدەکەن کە شاری کەرکووک هەمیشە زۆرینەی دانیشتوانی کورد بووە و بەشێک بووە لەو ناوچەیەی بەزمانی کوردی دواون، پرۆسە شوومەکانی تەعریب و ڕاگواستنی زۆردارانەی کورد و هێنانی عەرەب هێمایەکی دروستە بۆ ئەو ڕاستییەی سەرەوە، ئاخۆ چ عەقڵیەتێک پاڵی بەگۆڕینی دیموگرافیا و ڕاستی پێکهاتەی شاری کەرکووک ناوە و ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی لێ دروست کردووە، چۆن لە ڕووی یاساییەوە دەتوانرێت بارودۆخی کەرکووک ڕاست بکرێتەوەو بگەڕێتەوە باوەشی هەرێمی کوردستان؟ ئەمانەوە چەند پرسیارێکی تر ناوەڕۆکی ئەم ڕیپۆرتاژەپێک دەهێن کە ژمارەیەک یاساناسی شاری سلێمانی بەشدارییان تێداکردووە.**

**ڕاپۆرت/ ئامانج ژاژڵەیی- نووسینگەی سلێمانی**

**بەشی سێیەم**



**دادوەر عوسمان قادر محەمەد (بەڕێوەبەری گشتیی داد/ سلێمانی):**

**یەکەم:-**
ئاشکرایە کە دراوسێکانی گەلی کورد بەدرێژایی مێژوویان لە ڕێی زۆرداری و گەلەکۆمەکیانەوە لە هەوڵی چۆک پێدادانی کوردا بوون. بەردەوامیش بەدروشمی جۆراوجۆر لە تەخدیر کردنی و فریودانیدا بوون، لە شەڕەکانیشیاندا کورد سووتەمەنیان بووە و جێی سەواو مامەڵەیان بووە، لە بینای ئەمجاریشیاندا کەم تا زۆر کورد بەشداریێتی هەر کردووە. بەتایبەت بۆ نەتەوەی عەرەب! کە گەر لاپەڕەکانی مێژوویی هەڵبدرێتەوە دەبینین تا ئێستا عەرەب دووجار گەیشتۆتە لوتکەو یەکگرتووی سەرانسەری بەخۆوە دیووە، لە هەردوو جارەکەشدا کورد هاوکاریان بووە. جاری یەکەمیان کە لەسەر دەستی ڕۆڵەکانی عەرەبە قوڕەیشیەکاندا بووە (لە پێغەمبەری مەزنەوە «د.خ» بۆ یاوەرەکانی تا دەوڵەتی ئەمەوی و عەباسیەکان کە هەر هەموویان قوڕەیشی بوون) توانییان بەناوی ئیسلامەوە و لە ژێر ئالای پیرۆزیدا

## پێویستە هانی جەماوەری قەزاو ناحیەکانی سنوری شاری کەرکووک بدرێت لە ڕێی خۆپیشاندان داوا لە پەرلەمان و حکومەتی عێراقی فیدراڵ بکەن لە ڕووی ئیدارییەوە بیانخاتەوە سەر کەرکووک

هەموو نەتەوەی عەرەب یەکخەن و بەسەر گەلانی ژێر دەستیان زاڵی بکەن. بێگومان لەو پێناوەدا کورد بەقوربانی دان و خزمەتی بێ بەرامبەری نەتەوەی عەرەب و زمانی عەرەبی و ئەمجادی عەرەب سەر قافڵە بووە. جاری دووەمیشیان کاتێ کە باری عەرەبی بەدەست ئەوروپای ئەوساوە تەواو داکەوتبوو لە محنەتدابوو، لەم تەنگە تاویەیاندا شێرە پیاوی کورد سەلاحەدین ئەیوبی لە



ڕێی قوربانی دانی بەدەیان هەزار ڕۆڵەکانی گەلی کورد هەروەها لە گەلانی تریش، ئەوروپیەکانی مل کەچی هەڵهاتن و ڕاوەدوونان کرد و نەتەوەی عەرەبی ڕزگار کرد و یەکی خستن. ئەمە بێجگە لەو هەموو قوربانی سەرو ماڵیەی کە لە شەڕەکانی تری عەرەبیدا داویەتی. بێ ئەوەی کە کورد بۆ خۆی هیچی لێ سەوز کردبێ (بەپێچەوانەی تورک و فارسەوە کە چەند قات پاداشتیان وەرگرتووەو ئیمپراتۆریەتیان دروستکردووەو حوکمی خۆیانیان پێ بەهێز کردووە) بەڵام مەخابن کە برای عەرەبمان بەرەوای نابینن کە دان بەو ڕاستیانەو مەغدوریێتی کورددا بنێت، بەڵکو هەر کاتێ کە کورد لەسەر مافێکی هاتبێتە وەڵام بە دەرچوو لە ئیسلامیەت و عێراقی و بەکرێگیراو ناوزەدیان کردووە، چونکە لەوە دەچێ برای عەرەبم تا ئێستاش لە خەونی ئەوسای باو باپیراندا بێ، گەرەکیەتی هەروەک ئەوسا گەلان مستەعمەرەی بن. هەوڵ نادا لە واقعی دنیای ئەمڕۆ نزیک بێتەوە کە دنیایەکی فرە جیاوازە لە دنیای ئەوسا. دنیای ئەمڕۆمان دنیای نزیک بوونەوەی گەلانە لەسەر بنەمای یەکسانی و ڕێزگرتن لەیەک و دنیای تازەگەرییە، کە بەردەوام داهێنانی تازەی سەرسوورهێنەری یەک بەدوای یەک بۆ خزمەتی مرۆڤ و مرۆڤایەتی دەخاتە ڕوو. بێگومان هۆکاری دروست بوونی ئەم دنیا تازەیەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، چاودێری و سنوور لەسەر بیرکردنەوە نەماوە، بەری ئیرادەی ئازادە تاکو کۆی گەلان هەڵگیراوە، کە لە سایەیاندا تواناکانی مرۆڤ لە پێناو مرۆڤەکاندا موعجیزات دروست نەکەن، بۆیە خوشک و برایانی عەرەبم بەرژەوەندیان لەوەدایە کە ئیتر واز لە ئەندێشەو خەیاڵی ئەمجادی ڕابردوو واز لە سنووردارێتی و سەرکوت کردن بێنن و دان بەمافی نەتەوەکانی ژێر دەستیان لە کوردو دارفوری و ئەمەزیقی... بنێن، چونکە بێ شک دنیای ئەمڕۆ گەلانی ژێر دەستە بەرەو ڕزگاری دەبات بەڵام خۆش بوو کە ئێمەی کورد هەستمان بکردایە کە بەپشتیوانێتی نەتەوەی عەرەب ڕزگاربووین و ئەوانیش لەو قەرزە کەڵەکەبووەی سەریان پاک بنەوە.

**دووەم:-**
سەبارەت بەکوردستانێتی کەرکووک، کەسانێک هەن گەرەکیانە بەر بەئیرادەی گەلانی کەرکووک و ڕەوتی مێژوو بگرن، ئەمەش کارێکی یەجگار نەشیاو و مەحاڵە، بۆ بەرپەرچ دانەوەشیان پیادەکردنی ئەمانەی خوارەوە بەپێویست دەبینم:-

1ـ هەردوو حزبی دەسەڵاتدار و گەلانی کەرکووک ڕێی پشت گوێ خستن یا دواخستنی تەتبیقی ماددەی 58 ی یاسای بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی نەدەن.

2ـ خۆپارێز بن لە کەسە شەڕەنگێزەکان، بەتایبەت ئیرهابی و بەعسییەکان کە مەبەستیانە شەڕەکە بکەنە شەڕی نێوان گەلانی عێراق چونکە ئەوان تەنها لە لێڵی و تاریکی دا دەتوانن بژین.

3ـ ڕێزگرتن و بەدیهێنانی مافی کەمە نەتەوایەتی و ئایینیەکانی کەرکووک لە برایانی تورکمان و عەرەبی ڕەسەن و کلدو ئاشوور...

4ـ پابەندبوونی تەواو بەئەفکارە باوەکانی هاوچەرخ لە بازاڕی ئازادو دیموکراتیەت و مافی مرۆڤ...

5ـ ئەو حزبیانەی کە لە کەرکووک دەست بەکارن، کەسی پاک، مەزن، دڵسۆز، سنگ فراوان، بەئاگا، خاوەن زانست و زانیاری... بن.

6ـ هاوکاری تەواوی حکوومەت و هاوپەیمانان لە کەرکووک لە هەموو ڕوویەکەوە بکرێ.

لە هەموو بارێکدا گومان نابینم لە گەڕانەوەی کەرکووک و گەلانی دانیشتوانی بۆ باوەشی کوردستانی دایکیان. نائومێدی و پەشیمانیش هەر بەشی بەرپەرچدارانی نەبێ.

*** د. جەزا تۆفیق تالیب**

**سەرۆکی بەشی جوگرافیا- زانکۆی سلێمانی:**
سەبارەت بە میکانیزمی گەڕانەوەی پارێزگای کەرکووک بۆ سەر سنوری جوگرافیای هەرێمی کوردستان وای دەبینین کە لە دوو ڕێگایەوە کاری بۆ بکرێت: .

**ڕێگای یەکەم:** . ئەو ڕێگایەیە کە لە بڕگەی 58ی دەستوری کاتی عێراقدا ئاماژەی پێدراوە کە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەوەی بۆ گۆڕانکاری دیمۆگرافیانە لە چوارچێوەی پارێزگای کەرکووکدا کراوە کە مەبەست لێی (هێنانی عەرەبە هاوردەکانە و دەرکردنی کوردە ڕەسەنەکانی شارەکەیە) کە ئەم فاکتەرانە ئەکتیڤ بکرێت واتە بە ڕێگایەکی یاساییانە عەرەبە هاوردەکان بگەڕێنرێنەوە بۆ شوێنە ڕەسەناکانی خۆیان و کوردە دەرکراوەکانی کەرکووکیش کە ئێستا لە باشوور و ناوەڕاستی عێراق و پارێزگاکانی تری هەرێمی کوردستاندا بگەڕێنرێنەوە بۆ کەرکووک.

ئەڵبەتە میکانیزمە یاساییەکانی ئەم بڕگەیە هەرواو بەخێرایی و بە ئاسانی جێ بەجێ ناکرێ لەبەر ئەوە چاوەڕوان دەکرێ جێبەجێکردن و بەدەست هێنانی دەستکەوت تێیدا لەگەڵ ئاواتە خێراکانی میللەتی کورد دا نەیەت بۆیە ناچار دەبین بیر لە ڕێگەی یان میکانیزمی دووەم بکەینەوە کە ئەویش خۆی لە گەڕانەوەی ئەو قەزا و ناحیانەدا دەبینێتەوە کە وەختی خۆی بەشێک بوون لە پارێزگای کەرکووک بە تایبەت لە ئاماری 1959 دا لەو کاتەوە تا ئێستا بەشێکی زۆر لەو قەزاو ناحیانە لە کەرکووکدا دابڕێنراون و لکێندراون بە پارێزگاکانی ترەوە وەکو قەزای چەمچەماڵ، کفری، کەلار، دوزخورماتوو، ئەگەر بێت و جەماوەری ئەو قەزاو ناحیانە هانبدرێن لە ڕێگەی خۆپیشاندان و داواکردن لە پەرلەمانی عێراق و حکومەتی عێراق کە قەزاو ناحیەکانیان بگەڕێنرێنەوە سەر پارێزگا ڕەسەنەکەی خۆیان کە ئەویش پارێزگای کەرکووکە، ئەم ناوچەنە دابڕاوانە بۆیە دابڕاون، لەبەر ئەوەی زۆرینەی دانیشتوانەکانیان بریتین لە کورد کاتێک ئەم قەزاو ناحیانە کە زۆرینەیان کوردن بگەڕێنرێنەوە سەر سنوری پارێزگای کەرکووک ئەو کاتە هەر جۆرە ڕاپرسی و ئامار و پرۆسەیەک لە پارێزگای کەرکووکدا بە ئەنجام بگەیەنرێ مەترسی ناخاتە سەر گەڕانەوەی پارێزگای کەرکووک بۆ سەر سنوری هەرێمی کوردستان.

# ڕۆژنامەنووسیی زانایی و وەستایی دەوێ

**سەرۆ قادر**

ئێستا بووە بەباو هەموو ساڵێک ڕۆژی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردی جەژنی بۆ دەگێڕدرێ، ئەوە دیاردەیەکی سەرنج ڕاکێشە بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا کە جەژنەکان ڕەگی دینی و ئەفسانەییان هەیە کەچی ئێمە جەژنێک دەگێڕین کە ڕۆژنامەی تێدا لەدایک بووە و دامەزرێنەرەکەشی بە وێنە لەبەرچاومانە پیاوێکی شۆڕشگێڕی سمێڵ زلی ڕوخسار شیرینە کە ناوی میقداد بەدرخانە.

بەدرخان لە گەرمەی پەرەسەندنی بزووتنەوەی نەتەوایەتی و پەرەسەندنی ئازادی و نوێخوازی لە ڕۆژهەڵاتدا ئەم هەنگاوەی هاوێشت، بۆیەش مێژووی ڕۆژنامەنووسیی کورد توند بەستراوەتەوە بە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی کوردستان، هەر لەوەشڕایە کە بڕوای گشتی لەسەر ئەو تەریکەیە کە دەبێ ڕۆژنامەنووس هەمیشە شۆڕشگێڕ و نوێخواز و لە هەمووان زاناتر بێ. ئەو کارە لە زەمانی تێکۆشاندا زۆر عەیب و عاری دیار نەبوو، بەڵام ئێستا لە سەردەمی ئازادیدا کارێکی سەختە، ڕۆژنامەنووسان نەیانتوانیوە ئەو چەشنە لە ڕاگەیاندن دروست بکەن کە هاووڵاتیی دەیەوێ و لە هی وڵاتانی دیکەی پێشکەوتوو لە دوا نەبێ.

لە کوردستاندا هەموو کەس حەزی لە دروستبوونی دەسەڵاتی چوارەمە و کەسیش پێی دروست نەکراوە بۆ؟

من بە تەجرەبە و پێگەی خۆم لەم بوارەدا پێموایە ڕاگەیاندنێکی زیندوو زادەی فەرهەنگ و پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی کراوە و چالاکە، ناشێ لە کۆمەڵێکی داخراودا هەموو حەزێکی ئینسانی بێتە دی و مرۆڤ پەیڕەوی ئازادییەکانی خۆی بێت، کەواتە بۆی نییە باسی ئازادی و عەیب و عاری خەڵکی دیکەش بکات، ئەمە لە ناوەرۆکی یاساکانی ئەم دەڤەرەشدا ڕەنگیداوەتەوە، لەلایەکی دیکە قەدەغە لە ناو خودی کۆمەڵدا یەکجار زۆرن و بە ئاسانی لە قەرەیان نادرێ.

زۆریی نسبەی نەخوێندەواری و ئاستی نزمی تەجاوبی خەڵک لەگەڵ پێشکەوتن، کاری ڕاگەیاندنی وەزەحمەتتر خستووە، بۆیەشە ڕۆژنامەنووس لەم زەمانەی کوردستاندا هەمیشە لەژێر پرسیار و گلەیی دایە. تەنیا یەک ڕێگا لەپێش ڕۆژنامەنووساندا هەیە، ئەویش خۆ ئامادەکردنە بۆ لە قاندن ولێدانی قەدەغەکان، بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنی ئازادیش وەک چەمکی ژنی ئازاد لە ڕوانگای پیاوی کوردی لێنەیەت کە ئازادی بۆ ژنی خەڵک دەوێ و لە هی خۆی قەدەغە دەکات، هەڵبەت ئەوەش لە بیرناکەم کەوا پێویستە لەسەر چۆنیەتی کەسی ڕۆژنامەنووس بە دیقەتتربین، تاکو شارەزایی و لێهاتوییان وەسەرتر بخەین و لە هونەری نووسین وبیروڕا دروستکردندا کارامەتر بن.

# کە شارەکەم دووجار شەهید و وێران کرا

**سێبەر قادرـ قەڵادزێ**

ئەمڕۆ 31 ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر بۆردوومانەکەی شاری قەڵادزێ، کە چەند فڕۆکەیەکی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕچوو بە چەکی (ناپاڵم)ی یاساغکراوی نێودەوڵەتی شارەکەی کوتا، ئەوکات دیارە (زانکۆی سلێمانی)یش لە لایەن شۆڕشەوە گوازرابۆوە بۆ قەڵادزێ و لەو بۆردوومانەش لە کۆی ئەو 138 شەهید و 200 بریندارە ژمارەیەک قوتابی و مامۆستای زانکۆ شەهید و برینداربوون، لێرە وێڕای ئەوەی جێی خۆیەتی ئەم یادە بەرز ڕاگیرێ، پێویستە هەڵوەستە لە سەر ئەوە بکرێت کە دڕندایەتی ئەو ڕژێمە لە ئاستێک بوو هیچ تایبەتمەندیەکی بۆ پیرۆزی زانکۆ و قوتابی و مامۆستا دانەناوە، ڕژێمێک بۆ تواندنەوەی دەنگی جیاواز و ناڵەی مافخوراوان ئەو مافە بەخۆی بدات تەرووشک بەیەکەوە بسوتێنێ و ژن و منداڵ بکاتە ئامانج، ئامادەیە دواتر ئەو هەموو زوڵم و تاوانە کەم وێنەیە ئەنجام بدات، ئەو ڕۆژەی ڕژێمی لە گۆڕنراوی بەعس قەڵادزێی وێران کرد، قوتابیان چاویان لە درێژەدان بوون بە خوێندن لەو زانکۆیەی شۆڕش و سەرکردایەتی شۆڕش و خودی جەنابی بارزانیی نەمر بەرگری لێدەکرد بۆیان، ڕژێم چۆن قەبووڵی دەکرد منداڵی کورد لە زانکۆ بخوێنێ و مەودای بیرکردنەوەی فراوان بێت و دواتر داوای مافەکانی بکات، نەخاسمە لە زانکۆیەک شۆڕش بەرگری لێبکات، ڕژێم بەوکارەی هەوڵیدا دڵەڕاوکێ و تۆقان لە دڵی قەڵادزێیەکان بچێنێ، بەڵام تەنیا خەیاڵ پڵاوی بۆ مایەوە و دەرکەوت کە ئیرادەی میللەتێکی ڕزگاری ویست بە ناپاڵم و تۆپ و تەیارە نارووخێ، هەر چەند ساڵێک دواتر و لە 1982/4/24 قەڵادزێییەکان ڕێپێوانێکی هێمنانەیان بۆ یادکردنەوەی ئەو کارەساتە ئەنجام دا کە باوکی ڕوحی کورد بارزانیی نەمر بە ڕۆژی ماتەمینی گەلی کورد ناوی بردووە، لە ڕێپێوانەکە پرۆتستۆی کارەساتەکەی قەڵادزێیان کرد و لەوێش دا دەستە چەپەڵەکەی بەعس ژمارەیەک هاووڵاتیان شەهید و بریندار کرد، ئەم ڕەفتارانەی ڕژێم قەڵادزێیەکانی نەتۆقاندن، بەڵکو زیاتر هانیدان تا درێژە بە بەرگری کردن لە مافی ژیانیان بکەن کە ڕژێم ئەوەشی پێ ڕەوانە دەبینین، زیاتر هانیدان گرنگی بەزانست و خوێندەواری بدەن و ساڵانە ژمارەیەکی زۆری قوتابی زیرەک ڕەوانەی کۆلیژە جیاجیاکانی زانکۆکانی سەلاحەددین و دهۆک و سلێمانی بکەن، ئەمڕۆش لە کاتێک یادی کارەساتەکەی قەڵادزێ دەکەینەوە زۆر گۆڕانکاری گەورە لە عێراق ڕوویان داوە و سەدامی دڕندەو دارو دەست و پێوەندەکانی لەو دیوی شیشەکانی زیندان بە سەر شۆڕی ژیان بەسەردەبەن و چاوەڕێی سزای عادیلانەی خۆیان دەکەن و دۆزی ڕەوای گەلەکەشمان زۆر پێشکەوتنی بەخۆیەوە دیوە و ئاسۆی ئەو مافانەی قەڵادزێی لە سەر بۆردومان کرا زۆر ڕوونە، بۆیەشە با هەموو دوژمنانی ئازادی بزانن کە میللەتێک ئەگەر بڕیاری دابێت، بەسەربەرزی بژیت خۆی بۆ هەموو قوربانییەک ئامادەکردووە و ڕۆژێکیش دادێت ئەو ئاواتەی هەر بێتەدی.

سڵاو لە ڕۆژی ماتەمینی گەلی کورد درود بۆگیانی شەهیدانی قەڵادزێ و سەرجەم شەهیدانی کورد و کوردستان، سەرکاروانیان بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی هەردەم لە یاد.

**"ڕژێم چۆن قەبووڵی دەکرد منداڵی کورد لە زانکۆ بخوێنێ و مەودای بیرکردنەوەی فراوان بێت و دواتر داوای مافەکانی بکات، نەخاسمە لە زانکۆیەک شۆڕش بەرگری لێبکات"**

